سەرۆك وەزیران جەختی لە پەرۆشی حکومەت کردەوە بۆ هەموو دەزگاکانییەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری لە بوار و لایەنە جیاوازەکاندا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی جەختی لە پەرۆشی حکومەت کردەوە بۆ هەموو دەزگاکانییەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەرزکردنەوەی کارای جێبەجێکردن لە بوار و لایەنە جیاوازەکاندا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە راگەیندراوێکدا بڵاویکردەوە: ئەمڕۆ پینجشەممە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە سەرۆکی هاوپەیمانی سیادە خەمیس خەنجەر کرد.

هەروەها لە راگەیندراوەکە ئاماژە بە ئەوەیش کراوە کە تاوتوێ بارودۆخی سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی کرا لەگەڵ تەواوکردنی مافە دەستوورییەکان و بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی بەرنامە خزمەتگوزاری و ئابوورییەکانی حکومەت.

لە راگەیندراوەکە ئاماژەی بەوەشکرا کە لە میانەی کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە پەرۆشی حکومەت کردەوە بۆ هەموو دەزگاکانییەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەرزکردنەوەی کارای جێبەجێکردن لە بوار و لایەنە جیاوازەکاندا.

هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی خێراکردن لە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و تەواوکردنی

حکومەتی خۆجێیەکان.